# ڕێگا چارەی گونجاو بۆ خەلکی کوردستان دروسکردنی دەوڵەتیکی سەربە خۆیّ سکۆ لاری غەیرە قەومیە

ڕێبین فاروق

سەرەتا بۆ ئەوەی بەباشی لەم ئەوزاعە و بارودۆخەی عێراق بگەین دەبێت بە چەند دەربڕینێکی کورت مێژووی ڕەشی حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان و ناسیۆنالیستە عەرەبەکانن و حیزبە ئیسلامیەکان بخەینە ڕوو . لە بەر ئەوەی ئەمانە باڵا دەستی ئەم حکومەتەی ئێستای عێراقن لەمانە حکومەتی عێراق دروست بووە، کە بە هیچ شیوەیەك نابنە جێگایی ڕەزامەندی خەلکیی .

لە عێراقدا چەندین سیستم و نیزام گوڕاون کە حکومەتی ئیسلامی و کۆنە پەرست و قەومی و حوکمەتی دەسکەلای بوون ناسیۆنالیست و ئیسلامی تائێستا چەندین جار دەسەلاتی خۆیان پیشانی خەڵکیداوە وە بە هیچ شێوەیەك و بۆ چرکەساتێك لەسایەی ئەم دەسەلاتانەدا قەت نەبونەتە مایەی ڕەزامەندی خەڵکیی و قەت خەڵك بەختەوەر نەبوون لەسایەی دەسەلاتیاندا .

تەنها چەند کەسێکی باڵا دەست سوود مەند بوون و بەردەوام خەڵکیان بۆ بەرژەوەندیەکان و مەرامە گلاوەکان ی خۆیان بەکار هێناوەو خەڵکیان کردووە بە سووتەمەنی چەندین حکومەت ڕوخاو چەندین حکومەت هاتۆتە سەر کار لەبەر ئەوەی ئەو حکومەتانەو ئەم هێزانەی عێراق قەد پشتیان بەهێزو ئیرادەی خەلك نەبەستوە.

بەردەوام پشتیان بە سوپا و هێزو میلیشیاو نزامی بێگانە بەستووە بۆیە بەردەوام خەڵکی زەرەر مەند بووە و لە سایەی ئەو حکومەتە کۆنەپەرستانەدا کە پێشتر حکومیان کردووە بەردەوام سوکایەتیان بە خەڵکی کردووە و دوژمنایەتی توندی خەڵکیان کردووە جا ئیتر لەژێر هەر ناوێکدا بوو بێت .بۆیە ئەم حکومەتەی کە ئێستا لە عێراقدا دروست بووە بە حساب دەوڵەتی "دیموکراسییە"بەلام هەمووان باش دەزانن کە کۆنەپەرستی ئیسلامی تیایدا باڵا دەستە و بە حساب دەم ڕاست و نوێنەری خەڵکن بەلام تا ئێستاش بە زنجیر لە خۆیان دەدەن و سوکایەتی بە گەنجان و ژنان و مندالان دەکەن.

کە هەر ڕۆژە و بڕیارێکی نا بەجیّ دەردەکەن , ڕۆژێك دەلێن مندالان و کچی سەرو تەمەنی دە سالّ دەبێت بدرێت بە برا موجاهیدەکان و ڕۆژێك پەچەو حیجاب فەرز دەکەن و ڕۆژێك ئاواز و گۆرانی وئازادی جل و بەرگ پۆشین قەدەغە دەکەن و ئەگەر هەرچیەکیش بە گوێیان نەکات حەتمەن سزاکەی لەسێدارە دان و کوشتن و سەربرینە وەکو هەمووان ڕۆژانە لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانەوە دەبینین و دەبیستین کە چۆن سەر لە لاشە دەکەنەوە وە ئەگەر یەکێك وەکو ئەوان بیر نەکاتەوە و ئەگەر کەسێك پیاو نەکوژێت و جیهاد نەکات سەربڕین و کوشتن جەزاکەیەتی سەرەڕای ئەتك کردنی لاشەی بیّ ڕۆح و ڕۆحداریش .

جا لە سایەی ئەم دەسەلاتەدا چاوەڕوانی ساتێك خۆشی ناکرێت , ئەمانە نوێنەر و دەم ڕاستی خەڵك بن حکومەت بەرێوە ببەن دەبیّ باش بزانن لە سایەی ئەمانەنەدا خەڵکی گێژ و بیّ ئیرادە و ئیفلیج دەکەن. کەهێزێك لە سایەی دەسەلاتەکەیدا ئەم سینارۆ ڕشە ڕوو بدات , هەر هێزێکی تر سازشیان لەگەڵدا بکات و حکومەتیان لەگەڵدا تەشکیل بکات حەتمەن لەمانە باشتر نابن و هەرچەندە

پڕوپاگەندە و لافی مەدەنیەت و عیلمانیەت لێ بدەن هەرچی بکەن بە فیڕۆ دەچێت و شەریك دەبن لەو تاوانەی کە ئێستا لە عێراقدا ڕوو دەدات . خەڵکی لە هەر شوێنیکدا زەرەرمەند بن لە ئاکامی ئەو سازش و دەست تێکەڵاو بونەی هێزە سیاسیەکانی سیناریۆی ڕەشدایە کە لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی ئیسلامیدا حکومەت دروست دەکەن
جا بۆیە ئەو هێزانەی بەرشداری پێك هێنانی حکومەتی ئێستای عێراقیان کردووە زەرورەتی سیاسی کۆی کردونەتەوە پلەو پایەو مەنسەب کۆی کردونەتەوە.
بۆ ئەم هێزانە گرنگ نیە چی ڕوو دەدات چ کارەساتێك دەخوڵقێت و چ ئاکامێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە بەس تەنها بۆیان گرنگە بە هەر شێوازیكْ بێت بگەن بە دەسەڵات ئەم دەردە سەریانەش کە توشی خەڵکی بووە لە ئاکامی سازش کردن و سیاسەتی هێزە ئیسلامیەکان و ناسیۆنالیستەکاندا کە دۆستایەتی و هاوپەیمانیتیان لەگەڵ ئەمەریکادا دروست کرد و لە چوار چێوەی سیاسەتەکانی ئەمەریکادا کار دەکەن و خەڵکی فێر دەکەن دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکا ببەستن ئەم هێزانە هەوڵ دەدەن ئەمەریکا لای خەڵکی بە هێز و لایەنیکی شەریفانە بە خەڵکی بناسێن و بڵێن ئەوەتا ئەمەریکا ڕزگارکەرە.
بەڵام دەبێت باش بزانین ئەمەریکا نە بۆ کوردو نە بۆ عەرەب و نە بۆ هەر نەتەوەیەك جێگای متمانە نیە و دۆستایەتی ئەمەریکا بۆ هیچ گەلێك جێگای باوەڕ نیە .
ئەوەتا لە ئاکامی سیاسەتەکانی ئەمەریکادا هەمووان لە میدیاکان و ڕاگەیاندنەکاندا دەبینین و دەبیستین کە چ ئاکامێکی خراپی لێ کەوتۆتەوە سەربڕین تیرۆر تەقینەوە بێ ئیرادە کردنی خەڵکی نەبوونی ئاو و کارەبا و نەبونی هەر جۆرە خزمەت گوزاریەکی خەڵکی .
جا بۆیە ئێستا لە عێراقدا سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەهەر ناوچەیەکدا بەشێوییەکی جیاواز شکڵ دەگرێت و جێ بەجێ‌دەبێت.
حەتمەن بۆ خەڵکی ئاشکرایە کام هێزانە سیاسەتەکانی ئەمەیکا فەرز دەکەن، بۆ خەڵکی ئەمەریکا لە هەر شوێنێك توپ و تەیارەو چەکی کۆکژ و ئاگر پێویست بکات ئەوا بە زۆری چەك بە تۆقاندن دەبێت سیاسەتەکان شکڵ بگرێت و جێ بەجێ ببێت
لە هەر شوێنێك تۆزقاڵێك خەڵکی بوژابێتەوە و تۆزێ پێشکەوتو بێ , لە هەر کاتێکدا ئەمەریکا نەتوانێت چەك بەکار بهێنێت و بزانێت بە چە ك وتوند ڕەوی ئاکامی باشی لێ ناکەوێتەوە وە لەبەرژەوەندیدا نەبێت , ئەوا ئینجا بە درۆ و دەلەسەو قسەی زل و بە ووشەو وەسف کردن بەردەوام دەبێ تا خەڵکی بێ ئیرادە بکەن و وەزعیەتێکی وا دەخوڵقێنن تا خەڵکی ناچار بکەن و نەتوانن بیر بکەنەوە .
بەڵام ئێستا کێشەی کوردستان و کێشەی عێراق جیاوازە , لە کوردستان شتێك بەرهەم هاتووە لە لایەن خەڵکیەو ە , چواردە ساڵە لە کوردستان خەڵکی سەرگەردان دەبێت و چەندین جار شەڕی ناوخۆو دوو کەرت بوونی ئیدارەو برسێتی و گرانی , وە خەڵکی لە کوردستان وەزعیەتێکی وایان بۆ خوڵقا کە کۆچ کردنی بەلێشاوی گەنجان و پیاوان و ژنان و هەر جۆرە تەمەنێك کە لە ئاکامی دەسەڵاتی حیزبە ناسیۆنالیستە کوردیەکان سەری خۆیان هەڵدەگرت و ڕویان لە وولاتانی دەرەوەی عێراق دەکرد.
خەڵکی چەندین دەردەسەری بینیوە ئینجا ئاستێك جیگیر بوون و ئاسیش بەرهەم هاتووە بەڵام ئێستا لە خوارووی عێراقدا ئاژاوەگێڕی توندی ئیسلامی هەیە بە هیچ شێوەیەك ئاسایش و ئارامی

نیەو لەهەر کاتێکدا چەندین خەڵك دەبنە قوربانی سیاسەتەکانی ئەمەریکاو ناسیۆنالیزمە کوردی حکومەتەکەی (جەعفەری ) تا بڕوات وەزعی ناو عێراق خراپ ترو شلۆقتر دەبێت .
کوردستان و عێراق جیاوازیەکی زۆریان هەیە لە چوار چێوەی ئەم حکومەتەدا کە قەومیەت و ئیسلامیەت تیایدا باڵا دەستە حەتمەن حەڵکی کوردستانیش زەرەرمەند دەبن و ئەو فەوزایەو ئەو نائارامیەی خوارووی عێراق هەر بە تەدریجی دەگوێزرێتەوە بۆ کوردستان.
ئەمە بە پێچەوانەی ئەحزابە ناسیۆنالیستە کوردیەکانەوە کە پەیمانیان بە خەڵکی دەدا کە کودستان پزیشکی شەڕی بەر ناکەوێت.بەڵام هەمووان باش دەزانین تا بێت ئاژاوەگێڕی توندی ئیسلامی و تیرۆرو تەقینەوە لە کوردستاندا ڕوو لە زیاد بون دەکات .
ئەمەش لە کاتێکدا کە حکومەت ئیسلامی و قەومی بێت هێندەی تر کێشەکان ئاڵۆز دەکات حکومەت کە دەستکەلای ئەمەریکا بێت و لە چوار چێوەی سیاسەتەکانی ئەمەریکادا کار بکات و حکومەت حکومەتی ئیسلامی شیعە بێ و نایۆنالیست و قەوم پەرست تیایدا باڵا دەست بێت ڕیش سپی و سەرۆك عەشیرەت و کۆنە پەرستی و عەشایەری پیاو خراپ و کۆنە بەعسی دەوری باڵایان هەبێت و بەردەوام چاوەڕوانی پێك دادانی ئەم هێزانە دەکرێ کە لە هەر ئان وساتێکدا بدەن بە یەکدا حەتمەن باجەکەشی خەڵك دەیدات و خەڵك زەرەر مەند دەبێت.
حکومەت پیاو کوژو ئەوانەی دوژمنایەتی لەگەڵ مەدەنیەتدا هەیە و ئەوانەی دوژمنایەتی ئازادی سیاسیو بیرو ڕا دەربڕین دەکەن و ئەوانەی کە دەستیان بە خوێنی خەڵکی سوورەو چاویان بە خۆشیەکانی خەڵکی هەڵنایەت ئەمانە حکومەت بەڕێوەبەرن ئایا چاوەڕوانی چی لەو حکومەتە دەکرێت.
هێزو باند و میلیشیایەکی چەکداری کە هەر ڕۆژەی سوپایەکی بێگانەیان دەهێنایە ناو کوردستان و بە هەزاران خەڵکیان بە کوشت دابێ و بەردەوام لە هەوڵی سازش و سازشکاری دا بووبن لەگەڵ بزوتنەوە ئیسلامیەکانی عێراق و بزوتنەوە ئیسلامیەکانی کوردستاندا وە بەردەوام پارەو پولی باشیان خستبێتە خزمەتی ئیسلامیەکانەوەو ڕاگەیاندنەکان خرابێتە خزمەتیانەوە و تۆزقاڵێك کارو چالاکیان ڕێ لێ نەگیرابێ و خەڵکی بڵێن نا بۆ ئیسلامی و نا بۆ تیرۆرو نا بۆ تۆقاندن بەڵام بە پێچوانەی خەڵکەوە چەندین مەلاو کەسانی ئاینی و ڕیش سپی و دێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان بڵێن ئەو تیرۆرو سەربڕین و تەقاندنەوە ئیشی ئیسلامیەکان نیەو ئیسلامیەکان بێبەرین .
ئەم هێزانەی بەرگری لەم جەلاد و پیاو کوژو تیرۆرستانە دەکەن ئەمانە بکرێن بە دەم ڕاستی خەڵکی و نوێنەری خەڵکی ئەوا حەتمەن لە ڕابردوویان باشتر نابن هێندەی تر هێزە ئیسلامیەکان و کۆنەپەرستی بەهێز تر دەکەن حکومەتێك کە هێزەکانی سیناریۆی ڕەش بەڕێوەی بەرێ ئەوە شتێکی ئاشکرایە کە وەزعی عێراق و کوردستان تاریکتر دەکەن و ئەم کۆمەڵگایە ئفلیج دەکەن.
جا بۆیە باشترین ڕێگا چارە بۆ خەڵکی کوردستان جیا بونەوەیە لە ڕێگای ڕیفراندۆمێکی ئازادانەوە دروست کردنی حکومەتێکی
دروست کردنی حکومەتێکی سکۆلارو ڕادیکاڵ و مەدەنی غەیرە قەومی و غەیرە دینی کە هەڵبژێردراوی خەڵکی خۆی بووە نوێنەری خەڵکی تیایدا باڵا دەست بێت نەك حکومەتێك دروست کراوی حکومەتێکی تر بێت و نوێنەری هەموو حکومەتێك و هەموو هێزێکی کۆنە پەرستی تیا بێت و نوێنەری خەڵکی تێدا نەبێت .